هێزەکانی ئاسایشی ناپەرین بازرگانێکی ماددەی هۆشبەریان دەستگیرکرد



دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، هێزەکانی ئاسایشی ناپەرین بازرگانێکی ماددەی هۆشبەریان دەستگیرکرد و دەستیشیان بەسەر بڕی یەک کیلۆ ماددەی هۆشبەر لەجۆری کریسالدا گرت.

دەزگای ئاسایشی هەرێم لەڕاگەیەندراوێکدا باویکردەوە، "هێزەکانی ئاسایشی ناپەرین بەهەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی ماددەی هۆشبەرەکانی دەزگای ئاسایش، دوای بەدواداچون و چاودێریکردنی ورد بە بیاری دادوەر لەسەر ڕێگای 2ی (شوبات/2)ی 2024 توانیان بازرگانێکی ماددەی هۆشبەر لەنزیك ناحیەی (ژاراوە)ی ئیدارەی ناپەرین دەستگیربکەن و دەستبگرن بەسەر بڕی یەک کیلۆ گرام ماددەی هۆشبەر لەجۆری کریستاڵ".
ئاماژەی بەوەشکردوە، "لە ئستادا تەمەتبار بەماددەی 26 لەیاسای بەرەنگاربونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و کارتکارە ئەقییەکان ناگیراوە و لێکۆینەوە لەدسیەکەی بەردەوامە".

هەر بەگورەی راگەیەندراوەکە، دەزگای ئاسایشی هەرێم لەپێناو دابینکردنی ئارامی و سەقامگیری زیاتر هەوڵەکانی بەردەوامە لەپێناو بەرەنگاربونەوەی ماددەهۆشبەرەکان.